**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٤)ی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم

**ماددەی یەکەم:**

دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم تا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێم و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم دابەش دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە حوکمی ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم و، هەروەها بڕگەکانی (دووەم، شەشەم، دەیەم، یازدەم، پازدەم، هەژدەم، نۆزدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**دووەم:** پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (چوارەم، پێنجەم، حەوتەم، هەشتەم و حەڤدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**سێیەم:** پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (یەکەم/ ٢، چواردەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت.

**چوارەم:** پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (سێیەم، دوازدەم، سێزدەم، شازدەم) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەکارو ئەرکە کارگێڕی و داراییەکانی بەردەوام دەبێت و ئەرکەکانی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** جگە لەو ماددانەی کە لە ناوەڕۆکی ئەم یاسایەدا ئاماژەیان پێکراوە کارکردن بەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو رادەگیرێت تا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

**دووەم:** ئەم یاسایە بەرکار دەبێت تا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

**ماددەی چوارەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ماوەی (٧) رۆژ لە بەرواری پەسند کردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەردەچووێندرێت و، لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاُو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان و، رەتکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوام بوونی لە پۆستەکەیدا و، بەپێی ئەوەی لە ماددەی چوارەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراودا هاتووە کە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە کات و ساتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لەبەر نەبوونی کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و بەمەبەستی دروست نەبوونی بۆشایی یاسایی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**